# کارو چالاکییەکانی
# بنکەی ژین..بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
# (١/١ تا ٢٠٠٨/١٢/٣١)

**یەکەم: لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا:**

**چاپ و بڵاوکردنەوەی ٢٥ کتێب، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:**

**بەڵگەنامە:**

١. کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فرانسادا. دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا وەری گێڕاوە.

٢. ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکێتیی سۆڤیەت. دانانی دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی.

٣. نامە دیبلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان. لە فەرنسییەوە وەرگێڕانی دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا.

**ڕۆژنامەوانی:**

١. خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان (نیسانی١٩٦٢–کانوونی دووەمی ١٩٦٤). ئامادەکردنی نەوزاد عەلی ئەحمەد.

٢. نیشتمان..بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک.، ئامادەکردنی عەلی کەریمی.

٣. ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دانانی دکتۆر هیمداد حسێن.

**دەستنووس:**

١. تاریخ خروج اکراد وقتل وغارت شیخ عبیداللە بدبنیاد و اغتشاش وفتنە زیاد در مملکت اذربایجان در سنە ١٢٧٩. ئامادەکردنی: ئەنوەر سولتانی، صەلاحەددینی ئاشتی، محەمەد عەلی سوڵتانی.

٢. ژیان و شیعرە کوردییەکانی سەیفولقوززاتی قازی، ئامادەکردنی حەسەنی قازی و ئەنوەری سولتانی.

**بیرەوەری و یادداشت:**

١. بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسندی، ئامادەکردنی سدیق سالح.

٢. سەدەی کارەسات، بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریان، ئامادەکردنی ئیبراهیمی فەرشی.

**کوردناسی:**

١. قەتڵوعامی کورد لە تورکیا، لە فەرەنسییەوە وەرگێرانی، دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا.

٢. دراسات حول الکُرد الایرانیین واسلافهم الکلدانیین الشمالیین، لە ڕووسیەوە وەرگێرانی دکتۆر عەبدی حاجی.

٣. گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکووك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، لە فەڕەنسییەوە وەرگێرانی: دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا.

٤. چەند وتارێکی کوردناسی، لە ڕووسیەوە وەرگێرانی: دکتۆر ئەنوەر قادر محەمەد.

**مێژووی دەوروبەر:**

١. مێژووی ئەفشار، لە فارسییەوە وەرگێڕانی: صەلاحەددینی ئاشتی.

**سەرجەمی بەرهەمی نووسەرانی پێشوومان:**

١. بەرگی سێیەم، وتارەکان، محەمەد ڕەسووڵ هاوار، ئامادەکردنی رەفیق سالح.

٢. بەرگی چوارەم، مقالات، محەمەد ڕەسوول هاوار، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح.

٣. کتابات في المسألة الکُردیة، الجزء الاول، ئامادەکردنی رەفیق سالح.

٤. کتابات في المسألة الکردیة، الجزء الثاني، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح.

**لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد:**

١. سێبەری ئازادی، هەورازو نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژی کاف، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی کەمال عەبدوڵڵاهی.

٢. محمد امین زکي ودوره السیاسي والاداري في العراق (١٩٢٤–١٩٤٨)، دانانی دارا جەمال غەفوور.

٣. کردستان والکرد، دراسة سیاسیة واقتصادیة، دانانی دکتۆر عەبدولرحمان قاسملۆ، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: دکتور غانم حمدون، ئامادەکردن و پێشەکی حسین فەیزوڵڵا جاف.

٤. کوردستانی ناوەڕاست، لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی پێش زاین، چاپی دووەم، کۆزاد محەمەد ئەحمەد.

٥. جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان (١٩١٢-١٩٢٢)، دانانی مالمیسانژ، وەرگێرانی لە تورکییەوە زریان ڕۆژهەلاتی.
٦. قيام النظام الاماراتي في كردستان وسقوطه مابين منتصف القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع عشر..نبذة تأريخية عن اهميته السياسية وارثه الثقافي، دانانی دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر.

دووەم: بەمەبەستی کۆکردنەوەو پاراستنی کەلەپووری ڕابردوومان کە بەهۆی نەبوونی دەزگای خەمخۆرو تایبەتمەندی بە توانا، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لەناوچوون دەڕوا، بنکەکەمان لە هاوینی ٢٠٠٨ەوە، هەڵمەتێکی گەورەی بۆ کۆپی و سکانکردنی دەستنووس، ڕۆژنامە و گۆڤار، کتێب و نامیلکە، وێنە، نەخشەو ئەتڵەس، دەست پێ کردووەو لە داهاتووشدا بەردەوام ئەبێ، بۆ ئەو مەبەستە پێداویستییەکانی وەك کۆمپیوتەر، سکانەری بە هەموو جۆرەکانی و کارمەندی ئامادەکردووە. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

=**دەستنووس:** عەرەبی ١١٢، فارسی ١٢، کوردی١٧.

-**بەڵگەنامە:** بەسەدان بەڵگەنامەی ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی.

-**کتێب و نامیلکە:** ٨٥ کتێبی کوردی، عەرەبی، تورکی دەگمەن و تایبەت بە کورد.

**وێنە:** بە دەیان وێنەی هەمەجۆر.

-**ڕۆژنامەوانی:** پتر لە ١١٢ ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەی پێش ١٩٧٠.

-**نەخشەو ئەتلەس:** ٥ ئەتلەس و هەموو نەخشەکانی تایبەت بە عیراق لە سەدەی شازدەوە تا سەدەی بیستەم، دەیان نەخشەی تایبەت بە کوردستان.

سێیەم: لە یەکیی مانگی تەمووزی ٢٠٠٨ەوە، سایتی بنکە بەم کۆدە کرایەوەwww.binkeyjin.com. کاروچالاکییەکانی بنکە لە بوارەکانی چاپەمەنی، ڕۆژنامەوانی، دەستنووس، وێنە، بلاو ئەکاتەوە. ٣١٣٠٠ کلیك لەسەر ماڵپەری بنکە کراوە تا ٢٠٠٨/١٢/٣١.

**چوارەم:** بە فەرمانی وەزاریی ژمارە٥٩٤١ی ٢١ی تەمووزی ٢٠٠٨ مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارێکی سالانەی بە ناوی "گۆڤاری ژین"ەوە وەرگیرا. بریارە ژمارە ١ی چارەکی یەکەمی ئەم سالْ دەرچێ. سدیق ساڵح سەرنووسەرو دەستەیەکی ڕاوێژگاری لە کۆمەڵێك پسپۆرو شارەزا دیاری کراون بۆ گۆڤاری ناوبراو.

**پێنجەم:** دەابینکردنی سەرچاوەی زانستی وڕێنمایکردن بۆ چەندەها خوێندکاری بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرای زانکۆکانی سەلاحەددین، دهۆك، سلێمانی، موستەنصەرییە، تەنانەت شوێنی حەوانەوەیش بۆ هەندێکیان.

**شەشەم:** هەوڵدان بۆ دابینکردنی هاوکاریی مادیی و مەعنەوی بۆ بنکە، بە تایبەت وا بریارە سەرەتای ساڵی داهاتوو بچێتە تەلاری تازەی خۆی. کە نزیکەی ٤ ملیار دیناری تێ چووە لە چوارچێوەی پەرەپێدانی هەیم و پارێزگاکاندا لەلایەن پارێزگای سلێمانی و ئەنجومەنەکەیەوە بریاری دروستکردنی دراوەو لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ دەست بە دروستکردنی کرا لەسەر زەوییەك بە پانتایی ١٠٤٩ مەتری چوارگۆشە.

ئەو بەڕێزو لایەنانەی ساڵی ٢٠٠٨ جگە لە حکوومەت هاوکاریی مادییان کردووین ئەمانەن:

- بەڕێز سەرکۆماری عیراق، **جەنابی مام جەلال**، بڕی ١٠٠ ملیون دینار.
- بەڕێز **دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح**، جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ، بڕی (٤٠) ملیون دینار لە کۆی ٦٠ ملیون دینار.
- بەڕێز **فارۆقی مەلا مستەفا**، سەرمایەدارو خاوەنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، بڕی ٢٤ ملیۆن دینار. کرێی ساڵێکی بارەگای بنکە. ناوبراو ساڵی ٢٠٠٧ بڕی ٢٦ ملیۆنی بۆ هەمان مەبەست بەخشی بە بنکە.
- بەڕێز **دکتۆر کەمال فوئاد** لە ڕێگەی دارایی گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بە چەندان شێوە هاوکاری و کۆمەکی بنکەو ڕۆشنبیریی کوردییان کردووە: کڕینی سکانەرێکی A٠ بە بڕی ١٧ هەزار دۆلار، سکانەرێکی A٣ ی پێشکەوتوو، هەر لەسەر پێشنیاری بنکە، چەندان کەس و لایەن یارمەتیان بۆ بڕاوەتەوە تا لە دەرەوەی هەرێم بەڵگەنامەو دەستنووسی تایبەت بە کورد بدۆزنەوە، لە فەرەنسا، رووسیا، تورکیا. ناوبراو ساڵی ٢٠٠٧ یش بە هەمان شێوەی سەرەوە هاوکاریان کردین.

**حەوتەم:** هەوڵدان بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی بنکە بە دەزگاو لایەن و کەسانی پسپۆرەوە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم، بە تایبەتی خانەی کتێب و بەڵگەنامەی عیراق (دار الکتب والوثائق العراقیة) (بەغداد)، مەڵبەندی کوردولۆجی (سلێمانی)، ئینستیتۆی کەلەپووری کورد (سلێمانی)، دەزگای چاپ وبلاۆکردنەوەی ئاراس

**(هەولێر)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان (سلێمانی)، ئینستیتۆی کورد (بەرلین)، مەڵبەندی کوردۆلوجی (زانکۆی دهۆك). بریارە لە داهاتوودا ئەم هەولانە چڕتر بکرێنەوە.**

**هەشتەم: بریار بوو تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧ لە ڕێی لیژنەیەکی پێکهاتووەوە لە بەڕێزان: د. کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، رەفیق ساڵح، مامۆستا جەعفەر، سدیق ساڵح، یادی ٦٠ ساڵەی کۆچی دوایی محەمەد ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس لە سلێمانی بکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە، بەلاّم لەبەر چەند هۆکارێکی تەکنیکی دواخرا بۆ بەهاری ساڵی ٢٠٠٨.**

**ئەوەی بۆ ئەم یادە کراون هەتا ئێستا ئەمانەن:**

١. **سەردانی هەردوو بەڕێز مامۆستا جەعفەرو سەدیق ساڵح، بۆ بەیروت بەمەبەستی چاوپێکەوتن و بینینی سانیحەخانی کچی خوالێخۆشبوو. خانەوادەی خوالێخۆشبوو بریارە بەشداری ئەو یادە بکەن و پاشماوەی ئەمین زەکی پێشکەش بە بنکە بکەن. چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی چەند سەعاتی لەگەڵ نەوەی ئەمین زەکی بەگ دا ئەنجام دراوە. بریارە بە چەند ئەڵقەیەك لە تەلەفزیۆنی کوردسات پەخش بکرێ.**
٢. **چاپکردنی کتێبی "محمد امين زكي ودوره السياسي والاداري في العراق.**
٣. **ئەلبومی ئەمین زەکی بەگ ئامادە کراوە بۆ چاپ لەلایەن سدیق ساڵحەوە.**
٤. **چەند لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن هەریەك لەم بەرێزانە ئامادە کراوە کە بریارە لە ژمارە یەکی گۆڤاری ژین دا بلاّوبکرێنەوە: د. عبدالفتاح علی یحیی، د. حسام نەقشبندی، خالد تەوەکولی، د. فرست مرعی....**
٥. **چی لەسەر ئەمین زەکی بەگ نووسراوە بە کوردی و عەرەبی بەبەرگێك لەلایەن رەفیق سالحەوە ئامادەکراوە بۆ چاپ.**

## بەرنامەی

## بنکەی ژین بۆ ساڵی ٢٠٠٩

**یەکەم:** چاپ و بڵاوکردنەوەی ٢٠-٢٥ کتێب. ئەو کتێبانەی بریارە پاش ئامادەبوونیان چاپ بکرێن ئەمانەن:

١. صحافة الاتحاد الوطني الكردستاني الصادرة بالعربية في الخارج.
٢. لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (١٩٦٣-١٩٧٥).
٣. گۆڤارو بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (١٩٥٨-١٩٧٥).
٤. ڕابەری ڕۆژنامەوانی کوردی (١٨٩٨-١٩٩١).
٥. دەفتەرەکەی حسێن نازم بەگ (مێژووی بابان).
٦. ڕەشید باجەلان.
٧. گۆڤاری شەفەق یەکەمین گۆڤاری کوردی کەرکووک.
٨. گۆڤاری هەتاو ١٩١٤.
٩. بنەماڵەی قازی لە موکریان. وەرگێڕانی حەسەنی قازی.
١٠. سەرجەمی بەرهەمی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، دوو بەرگ.
١١. گۆڤاری دەنگی گێتی دەنگی تازە، بە چەند بەرگێك.
١٢. رۆژنامەی ژیان، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم. (ژمارە ٤٠٧-٥٥٣).
١٣. بەڵگەنامەو بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کورد/کوردستان، بە دوو بەرگ.
١٤. وەرگێرانی دوو کتێبی تورکی عوسمانی دانراوی محەمەد ئەمین زەکی بەگ.
١٥. بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کۆتایی شۆرشی ئەیلوول,١٩٧٥
١٦. گۆڤاری کوردستان، ئەستەمبول ,١٩١٩
١٧. بەرگی دووەمی سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی بەگ.
١٨. ئەلبومی محەمەد ئەمین زەکب بەگ.
١٩. چی لەسەر ئەمین زەکی بەگ نووسراوە بە کوردی و عەرەبی.

**دووەم:** دابینکردنی پێداویستییەکانی تەلاری تازەی بنکەی ژین لە کەلوپەل و ئامێرو کتێب و کارمەند. هەوڵدان بۆ هاندانی ئەو بنەماڵانەی دەستنووس و کتێبخانەی تایبەتیان هەیە تا بیبەخشنە بنکەو شوێنی تایبەتیان بۆ ئەو مەبەستە بۆ تەرخان بکرێ.چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ

دەستەبەرکردنی هاوکاریی مادیی زیاتر بۆ بنکەو زیادکردنی بودجەکەی لەلایەن حکوومەتەوە.
دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی بنکە بە سەرچاوەو کتێب و ڕۆژنامەوانی .....

**سێیەم**: ئەنجامدانی یادی شەست ساڵەی کۆچی دوایی محەمەد ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس و یادی ٢٥ ساڵەی کۆچی دوایی تۆفیق وەهبی زمانەوان و ئەرکیۆلۆجیست و نووسەرو ئەدیب.

**چوارەم**: فراونکردن و چڕترکردنی پرۆسەی سکان و کۆپیکردنی چاپەمەنی و بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارو وێنەو دەستنووس، بەمەبەستی هەڵگرتن و پاراستن و دۆزینەوەیان بە خێرایی و ئاسانی هەنگاونان بۆ دروستکردنی کتێبخانەی ئەلکترۆنی کوردی.